

## کوڕە کوردەکە خیانەت لە باوکی دەکات..

# نەیمار لەسەر مێسی و سوارێز باوکی خۆی تووڕە دەکات

ئا: رووداوی وەرزشی

چەند سەرچاوەیەکی رۆژنامەڤانی فەرەنسی، ئاشکرایانکردووە باوکی نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی پاریس سانجێرمان، زۆر لە کوڕەکەی تووڕەیە بەهۆی مێسی و سوارێز. هەوادارانی مەسعود ئۆزێلی یاریزانی بە رەگەز کوردی ئەڵمانیش پێیانوایە ئەو کوڕە کوردە خیانەتی لە باوکی خۆی کردووە.

بەپێی ئەو سەرچاوانە، باوکی نەیمار زۆر لە کوڕەکەی تووڕەیە بەهۆی پۆستە زۆرەکانی لەسەر ئەژمارە ئەلیکترۆنییەکانیدا، کە تێیاندا زۆر باسی یانەی پێشووی بارسیلۆنا و هەردوو هاوڕێکەی پێشووی لیۆنێل مێسی و لویس سوارێز دەکات "باوکی نەیمار تووشی رەوشێکی خراپ بووە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندن لە ئیسپانیا، باس لەوە دەکەن، کە نەیمار لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر باسی بارسا و مێسی و سوارێز دەکات و خۆشەویستی خۆیانی بۆ دەردەبڕێت". هەروەها ئەوەی زیاتر باوکی نەیماری تووڕە کردووە ئەوەیە کە وێنەیەکی نەیمار بڵاوبووەتەوە ئەوکاتەی خۆی و کوڕەکەی سەیری یارییەکی بارسیلۆنا دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە رۆژنامەی بیڵدی ئەڵمانی، چەند بەشێکی کتێبەکەی مەسعود ئۆزێل "جادووی یارییەکە"، بڵاودەکاتەوە، کە چیرۆکی رۆیشتنی لە ریزەکانی ریال مەدریدی ئیسپانی و چوونی بۆ ئارسیناڵی ئینگلیزی باس دەکات، هەروەها باس لەوەش دەکات کە چۆن ئەو کوڕە کوردە خیانەتی لە باوکی کردووە.

4>>

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (470) سێشەممە 2017/10/24 2ی گەلاڕێزان - 2717 (500) دینار رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## دۆن کریستیانۆ رێگە نادات (زە بێست) بۆ کەسێکی دیکە بێت..



# Always The Best

3 »

"لە 2017 مێسی ئامارەکانی و رۆناڵدۆش نازناوەکانی باشتر بوون"

## لە دوایین 5 ساڵدا..
## مێسی باشترین جێبەجێکاری لێدانەکانی راستەوخۆیە

5 »

2

کچێکی کورد یاری بۆ یانەیەکی ئەڵمانیا دەکات



3

سۆزان: رۆناڵدۆ و ئامۆزاکەی پێکەوە دەستدرێژی سێکسیان کردە سەرم



4

تا زیزۆ مابێت چاوی بە ریال مەدرید ناکەوێتەوە



هەمیشە دڵشادبە
ئینتەرنێتی رۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە
KOREK Telecom

KOREK Telecom

## پێکەوەن



مەزن مەحەممەدی ڕاهێنەری تیپی فوتسالی یانەی ئافرەتانی هەولێر، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «بۆ بەهێزتر کردنی تیپەکەمان و بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی کوردستان، 7 یاریزانی سلێمانی و عەباس فەرەجی ڕاهێنەرمان هێناوەتە ڕیزی تیپەکەمان، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە ئەنجامی گەورە بەدەستبێنین». هەروەها گوتیشی «من و مامۆستا عەباس وەک ستافی ڕاهێنەر بەیەکەوە کاردەکەین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان».

### گرێبەستێکی 2 ساڵی لەگەڵدا مۆرکردووە..

# ئاراز دەیەوێ لە ڕێگای میناوە بگاتە هەڵبژاردەی عێراق





**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

ئاراز مستەفا، یاریزانی پێشووی یانەی زێرەڤانی، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕایگەیاند "بە فەرمی لەگەڵ یانەی مینا ڕێکەوتوومەو دەمەوێت لەگەڵ ئەو یانەیە لە خولی عێراقدا باشترین ئاست پێشکەش بکەم".

قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان زۆربەی یاریزانەکانی کوردستانی وا لێکردووە بیر لە جیهێشتنی یانەکانیان بکەنەوەو بە گرێبەستی گرانبەها ڕوو لە یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بکەنەوە، یانەکانیش عێراقیش ئەم هەلەیان قۆستووەتەوە بۆ ئەوەی باشترین یاریزانەکان لە خۆیان کۆبکەنەوە.

ئاراز کەلاری، یەکێکە لەو یاریزانە کوردانەی بوونەتە جێی بایەخی یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، ئەو بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "بە فەرمی گرێبەستێکم لەگەڵ یانەی مینای شاری بەسرا مۆرکردووە، ماوەی گرێبەستەکەم 2 ساڵە، ئێستا لەگەڵ تیپە نوێیەکەم سەرقاڵی ئامادەکاریم بۆ ئەوەی بتوانم بەشێوەیەکی باش خۆم ئامادە بکەم بۆ یاریکردن لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی".

لەبارەی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێریش، ئاراز گوتی "گرێبەستم لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر کردووە بۆ خولی نایابی کوردستان، بەڵام جارێ کاتی بەڕێوەچوونی خولی کوردستان دیار نییە، چونکە چالاکییەکانیانی وەستاندووە".

ئاراز کەلاری، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە لەلایەن یانەی نەجەفیشەوە گرێبەستێکی بۆ هاتبوو، بەڵام وەک خۆی گوتی "بۆ من یانەی مینا لە هەموویان باشتربوو، دەمەوێ ئەم دوو ساڵە خزمەتی ئەو یانەیە بکەم، چونکە دەمەوێ لە ڕێگای خولی عێراق و یاریکردن لە ریزەکانی یانەی میناوە بگەمە ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق".

> "حەزم دەکرد لە خولی عێراقدا بۆ یانەیەکی کوردی یاری بکەم"

ئاراز کەلاری، کە بە قسەی خۆی زۆر حەزی دەکرد لە خولی عێراقدا یاری بۆ یانەیەکی کوردستان بکات، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە شاری بەسرا و لەگەڵ یانەی مینا زۆر ئاسوودەیەو گوتی "خەڵکی شاری بەسرا وەرزشیان خۆشدەوێ، زۆر ڕێزمان دەگرن، ئێمە وەک یاریزانی پیشەگەر چووینەتە شاری بەسرا، بۆیە دەمانەوێ لە ڕێگای وەرزشەکەمانەوە زۆرترین خزمەت بە وەرزشی ئەو شارە بکەین".

### هێشوو مەریوان، یاریزانی باڵەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# ئاستی تۆپی باڵەی کچان باش نییە



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

هێشوو مەریوان، کچە یاریزانی تیپی تۆپی باڵەی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "ئاستی یاری تۆپی باڵەی کچان وەک پێویست نییە، چونکە خولی ئافرەتان کەم دەکرێنەوە".

هێشوو مەریوان، کە لەدایکبووی ساڵی 1997ی قەزای خانەقینە، یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە لە تیپەکە، بەڵام ئێستا نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی بۆ یانەکانی کوردستان، کچانی تیپەکانی بێزار کردووەو هێدی هێدی لەم یارییە سارد دەبنەوە.

هێشوو مەریوان، لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "بەداخەوە کە ئێستا لە کوردستان ئاستی یاری تۆپی باڵە بۆ کچان باش نییە، خول و پاڵەوانیەتی کەمن یان هەر نین، ئەوەش کارێکی باش نییە". ئەو کچە یاریزانە گوتیشی "هەر دەڵێن خول دەکرێتەوە، خولی کوردستان و خولی عێراق، بەڵام هیچ دیار نییە، ئەوەش دەبێتە هۆی ساردکردنەوەی یاریزانانی یانەکانی کوردستان".

هێشوو، ماوەی چەند ساڵێکە لە ریزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یاری دەکات و بە قسەی خۆی زۆر ئاسوودەیە. ئەو گوتی "تاوەکو ئێستا لە هیچ یانەیەک گرێبەستم بۆ نەهاتووە، حەزدەکەم پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم". هەروەها هێشوو هیوای خواست ڕۆژێک لە ڕۆژان یاری بۆ هەڵبژاردەی باڵەی ئافرەتانی کوردستان بکات و لە بۆنە نێودەوڵەتییەکاندا ئەنجامی باش بەدەستبێنن.

ئەو کچە یاریزانە هیوا دەخوازێت لەمەودوا خولی زیاتر بۆ ئەم یارییەی ئافرەتان بکرێتەوەو دەڵێت "هیوادارم بەرپرسانی وەرزشیی کوردستان زیاتر خزمەت بەم یارییە بکەن و بەرەو پێشتری ببەن".

### خەونی گەورەی یاریکردنە بۆ یانەیەکی بەناوبانگی ئەوروپا..

### کچێکی کورد یاری بۆ یانەیەکی ئەڵمانیا دەکات



### دونیا سەدرەدین:

# هەرگیز بۆ یاریکردن ناگەڕێمەوە کوردستان



**ڕووداوی وەرزشی ـ ئەڵمانیا**

دونیا سەدرەدین، کچە یاریزانی یانەی هێرزلاکی ئەڵمانی، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند بڕیاری داوە بۆ وەرزش نەگەڕێتەوە کوردستان و گوتی "دەمەوێت لێرە خزمەتی وەرزش بکەم و ئاستی خۆم بەرز بکەمەوە".

دونیا سەدرەدین، یەکێکە لەو کچە وەرزشوانانەی کورد، کە ئێستا لە تاراوگە دەژین، ئەو لەگەڵ خانەوادەکەی نیشتەجێی ئەڵمانیایە، پێشووتر وەک گۆڵپارێز یاری بۆ یانەی ئافرەتانی هەولێری کردووە، بەڵام ئێستا بووەتە یەکێک لە کچە یاریزانانی یانەی هێرزلاکی ئەڵمانی.

دونیا سەدرەدین، لە بارەی چوونی بۆ ریزەکانی ئەو یانە ئەڵمانییە، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "من نەمدەویست لە یاری دوورکەومەوە، چونکە وەرزشم زۆر خۆشدەوێ، بۆیە کە لەگەڵ خانەوادەکەم چوومە ئەڵمانیا ڕاستەوخۆ پەیوەندیم بە یانەی هێرزلاکەوە کرد، کە یانەیەکی پلەی دووی تۆپی پێیە لە ئەڵمانیا".

ئەو کچە یاریزانە کوردە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەگەڵ یانەی هێرزلاکدا گرێبەستێکی 3 ساڵی مۆرکردووەو گوتی "من زۆر دڵخۆشم لەگەڵ یانەکەم، دەمەوێ هەر لەو یانەیە بمێنمەوە، چونکە ڕاهێنەرێکی زۆر باشمان هەیە، زۆر یارمەتیمان دەدات و زۆر شتیشی لێ فێردەبین". ئەو گوتیشی "هیچ یانەیەکی دیکە گرێبەستی پێشکەش نەکردووم، بەڵام ئەگەر داواشم بکەن ناچمە هیچ یانەیەکی دیکە، بەڵام بێگومان ئاواتم ئەوەیە لە داهاتوودا وەک کچە یاریزانێکی کورد بۆ یانەیەکی گەورەو بەناوبانگی ئەڵمانیا یان ئەوروپا یاری بکەم".

دونیا، لەبارەی گەڕانەوەشی بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی خزمەتی وەرزشیی ئافرەتان بکات، گوتی "نیازی گەڕانەوەم نییە بۆ کوردستان، چونکە لە کوردستان گرنگی بە هیچ بوارێکی وەرزشی نادرێت". هەروەها گوتیشی "ئەگەر هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ بەو پەڕی شانازییەوە یاری بۆ دەکەم، چونکە ئەوە خەونی من و هەموو کچە یاریزانێکە".


KOREK Telecom

# هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە

لەگەڵ کورەك بەکارهێنانی ئینتەرنێت هیچ سنوورێکی نییە. هەر ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە, بە پێی ئەم وردەکارییانەی خوارەوە:

- پاکێجی ڕۆژانە: تەنها بە 2,000 دینارە و بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە
- پاکێجی هەفتانە: تەنها بە 7,000 دینارە و بۆ ماوەی 7 ڕۆژ بەردەستە
- پاکێجی مانگانە: تەنها بە 30,000 دینارە و بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەستە

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی ڕۆژانە بە نامەیەك ژمارە 1 و بۆ پاکێجی مانگانەش ژمارە 3 بنێرە بۆ 250, یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

411

korektel.com



## دەزانم بۆ؟

لویس هێرناندێزی یاریزانی یانەی مالاگای ئیسپانی، ناوبژیوانانی خولی ئیسپانیای بەوە تۆمەتبار کرد کە زۆرجار بە بڕیارەکانیان پشتگیری لە یانەی بارسێلۆنا دەکەن و گوتی «تازە دەزانم بۆچی گۆڵێک لەسەرمان ئەژمار دەکرێت، هەرچەندە یاریزانی بارسێلۆنا سوودی لە تۆپێک وەرگرتووە کە نیومەتر چووەتە دەرەوەی هێڵی یاریگە؟! لە کۆی 9 یارییدا ناوبژیوانان لە 6 یارییدا ستەمیان لێکردووین».

### بردنەوەی خەڵاتەکە لە لایەن کریسەوە چاوەڕوانکراو بوو..

# ڕۆناڵدۆ ڕێگە بە کەس نادات The Best بباتەوە

ئا: ڕووداوی وەرزشی

دوێنێ شەو لە ئاهەنگێکی تایبەتدا، کە بە مەبەستی دیاریکردنی باشترینەکانی تۆپی پێی جیهان لە ساڵی 2017 لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەڕێوەچوو، بۆ جاری دووەم لەسەریەک کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی خەڵاتی (زە بێست)ی تایبەت بە باشترین یاریزانی جیهانی بردەوە.

بردنەوەی خەڵاتەکە لە لایەن ڕۆناڵدۆوە، کە هاوشانی هەریەک لە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی و نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی پاڵێوراوی بردنەوەی خەڵاتەکە بوو، ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو بوو بەهۆی ئەو نازناوە بەکۆمەڵانەی لەگەڵ یانەکەی لە وەرزی ڕابردوودا بەدەستیهێنان، کە بردنەوەی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، خولی ئیسپانیا، نازناوی مۆندیالی یانەکان و سوپەری ئیسپانیا و ئەوروپا بوو، بەتایبەتیش کە ڕۆناڵدۆ لە قۆناخە هەستیارەکانی چامپیۆنزلیگدا ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە بردنەوەی نازناوەکە بۆ یانەی شاهانە.

دوای جیابوونەوەی باڵۆن دۆر و خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان، کە ماوەی چەندین ساڵ ئەو دوو خەڵاتە بە ڕێککەوتنی فیفا و گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی یەکخرابوون، لە لایەن فیفاوە خەڵاتی (زە بێست) دانرا، کە ئەمە 2 ساڵە بە باشترین یاریزانی جیهان دەدرێت و هەردووجار ڕۆناڵدۆ براوەکەی بووە.

ڕۆناڵدۆ دوای وەرگرتنی خەڵاتەکەی، بەوپەڕی دڵخۆشییەوە گوتی "سوپاس بۆ هەمووان، سوپاس بۆ ئەوانەی دەنگیان بە من داوە، سوپاس بۆ مێسی و نەیمار، سوپاس بۆ هاندەران، یاریزانان، ڕاهێنەران و سەرۆکی ڕیال مەدرید". هەروەها باشترین یاریزانی جیهان بۆ ساڵی 2017 گوتیشی "جێگەی شانازییە کە ئێستا لە تەنیشت مارادۆنا و ڕۆناڵدۆی بەرازیلیم".



هەر لەم ئاهەنگەدا خەڵاتی باشترین ڕاهێنەریش بە زەینەدین زیدانی ڕاهێنەری ڕۆناڵدۆ و ڕیال مەدرید درا، کە ئەویش هەمان نازناوەکانی دۆنی بۆ ڕیال مەدرید بەدەستهێنابوو.

هەروەها ئەمجارە بۆ یەکەمجار خەڵاتی باشترین گۆڵپارێزی جیهان بەخشراو بەر جیانلویجی بۆفۆنی گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و یانەی یوڤێنتوس کەوت.

لیکا مارتینز، کچە یاریزانی هەڵبژاردەی ئافرەتانی هۆڵەندا و یانەی بارسێلۆنای ئیسپانیش، خەڵاتی باشترین یاریزانی ئافرەتی جیهان لە ساڵی 2017 وەرگرت.




پێکهاتەی ساڵیش، بەمشێوەیە بوو:

**گۆڵپارێز:** جیانلویجی بۆفۆن (یوڤێنتوس)
**هێڵی بەرگری:** مارسیلۆ (ریال مەدرید)، سێرجیۆ ڕامۆس (ریال مەدرید)، دانی ئالڤێش (پاریس سانجێرمان) و لیۆناردۆ بونۆچی (میلان).
**هێڵی ناوەڕاست:** لۆکا مۆدریچ (ریال مەدرید)، تۆنی کرۆس (ریال مەدرید) و ئەندرێس ئینێستا (بارسێلۆنا).
**هێڵی هێرشبردن:** لیۆنێل مێسی (بارسێلۆنا)، نەیمار دا سیلڤا (پاریس سانجێرمان) و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ (ریال مەدرید).

### دەیانەوێ لە خۆشییەکانی کەم بکەنەوە..

# وردەکاری دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتێک لەلایەن ڕۆناڵدۆوە



**سۆزان:**
**ڕۆناڵدۆ و ئامۆزاکەی پێکەوە دەستدرێژی سێکسیان کردە سەرم**

ئا: سەفین تەها

جارێکی دیکە ڕۆژنامە و میدیای ئەڵمانی هێرشیان کردە سەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی و ویستیان خۆی بکەنەوە سەر برینێکی ڕۆناڵدۆ کە هەر کاتێ ئەو بابەتەیان هێنایە ئاراوە کاریگەری دەخاتە سەر دەروونی ڕۆناڵدۆ، بۆیە ورووژاندنەوەی ئەم بابەتە بە هاوکاتی لەگەڵ بردنەوەی نازناوی زە بێست ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ئەڵمانەکان بەئەنقەست دەیانەوێ لە خۆشییەکانی دۆن کریستیانۆ کەم بکەنەوە.

کەم تا زۆر بابەتی دەستدرێژی کردنەسەر خزمەتگوزاری هۆتێلکەتان بیستووە کە لەلایەن کریستیانۆ ڕۆناڵدۆوە بەزۆر سێکسی لەگەڵدا کراوە و دواتر منداڵێکی لەو ئافرەتە بوو کە کوڕە گەورەی ڕۆناڵدۆیە، بەڵام وردەکاری چیرۆکەکە تا ئەم دواییەش بە شاراوەیی مابووەوەو پەردەی لەسەر داندرابوو.

ڕۆناڵدۆ بە پارە و سامانەکەی لەم بابەتە ڕزگاری بوو، ئەگەر ئەوە نەبووایە تاوەکو ئێستاش لە زینداندا دەبوو، ئەمە بە قسەی هەفتەنامەی دێرشبیگڵی ئەڵمانی، کە لە ڕاپۆرتێکیدا گرنگترین ڕووداوەکانی ئەو بابەتەی بڵاوکردووەتەوەو ئاشکرای دەکات کە ڕۆناڵدۆ بەزۆر دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەر ئەو ئافرەتەی کە وەک خزمەتگوزار لە هۆتێلێکی شاری لۆس ئانجلێسدا کاری دەکرد.

ڕۆناڵدۆی 32 ساڵان کە خەڵکی فونشاڵ مادێرایە تووشی خراپترین بارودۆخی ژیانی بوو، دوای ئەوەی لە ڕۆژی 13/6/2009 دادگای شاری لۆس ئانجلێسی ئەمریکا تۆمەتی دەستدرێژیکردنی خستە پاڵ ڕۆناڵدۆ، سەرەتا دۆن بابەتەکەی بەهەند وەرنەگرت، بەڵام دوای ئەوەی کە ئەو خانمە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت کریستیانۆ دادگایی بکرێت و ڕەتیکردەوە کە هیچ پارەیەک وەربگرێت لە بەرامبەر کشانەوەی داواکەی.

ئەو ئافرەتە بەم شێوەیە چیرۆکەکە باس دەکات "من لە ڕێگا بووم بۆ جێگا تایبەتەکەم لە هۆتێلی پالماس پالاس، بەڵام لەلایەن ڕۆناڵدۆ و ئامۆزاکەیەوە هێرشم کرایە سەر و بەزۆر سێکسیان لەگەڵدا کردم، بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر پەیوەندیم بە پۆلیسەوە کرد".

وردەکاری چیرۆکەکەش بەمشێوەیەیە، ڕووداوەکە لە ژووری جاکوزیدا دەستیپێکرد، لەوێ ڕۆناڵدۆ ماسوولەکەکانی نمایشدەکرد و تەنیا جلی ژێرەوەی لەبەردابوو، ئافرەتەکە کە ناوی سۆزانە لەم کردەوەیەی ڕۆناڵدۆ تووڕەبوو، ئەو جێگایەی جێهێشت و بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت، ڕۆناڵدۆ و ئامۆزاکەشی بەدوایداچوون و لە ژوورەکەی خۆیدا و لەسەر پێخەفەکەی خۆی دەستدرێژی سێکسییان کردووەتەسەر خزمەتگوزارەکە کە وەک هەفتەنامەکە باسی دەکات کچێکی زۆر جوان بووە.

ئەو ئافرەتە زیاتر باسی ئەوەشی کردووە کە زۆر هاواری کردووە هەرگیز لە ژیانیدا تووشی ڕووداوی لەو شێوەیە نەبووە.

سۆزان دەڵێت "هاواری زۆرم کرد، نا نا نا...، بەڵام بێسوود بوو، زۆر لێیان پاڕامەوە و چەندجارێک دووبارەم کردەوە".

ئەم ڕووداوە کاژێر یەکی شەوی 13/6/2009 لە ژووری ژمارە 57306 ڕوویداوە، ڕاپۆرتە پزیشکییەکان ئەوەیان ئاشکراکرد کە ئەو ئافرەتە دەستدرێژی کراوەتەسەر.

سۆزان لە کۆتاییدا ڕازی بوو بەوەی کە داواکەی لە بەرامبەر وەرگرتنی 375 هەزار دۆلار، ئەمەش دوای ئەوەی ڕۆناڵدۆ 9 پارێزەری خستەکار بۆ ئەوەی بەرگری لێبکەن.

بابەتەکە لەو کاتەوە قووڵتر بووەوە کە ئەو کچە دووگیان بوو، پشکنینی DNA دەریخست کە ئەو منداڵە کوڕەو لە ڕۆناڵدۆیە، منداڵەکەش ئەم جونیۆرەی ئێستای لێدەرچوو کە لە ڕاستیدا ناوی کریستیانینیۆیە و تا ئێستا نازانێت دایکی کێیە و لە کوێ دەژی.

سۆزان، لە کۆتایی ساڵی 2009 شوویکرد و مێردەکەشی ئەم بابەتەی بەلاوە گرنگ نییە، ڕۆژنامەکە لە مانگی 3ی ئەمساڵدا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پرسیاری ئەم بابەتەی لە هاوسەری کچەکە کردبوو، بەڵام گوتبووی "بێ توانج، بێ توانج".

لە بەندی چوارەمی ڕێککەوتنەکەی ڕۆناڵدۆ و سۆزاندا هاتووە، کە نابێت هیچ کام لە خزم و کەسوکاری ڕۆناڵدۆ یان کچەکە قسە بۆ میدیاکان بکەن.

**دێرشبیگڵ: دۆن بەهۆی پارە زۆرەکەی نەبووایە تاوەکو ئێستاش لە زینداندا دەبوو**

### ژمارەکانیان شایەتیان بۆ دەدەن..

# مێسی و ڕۆناڵدۆ لە 2017



ئا: ڕووداوی وەرزشی

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەدرید و لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسێلۆنا، ئەمساڵیش وەک 10 ساڵی ڕابردوو ڕکابەریی سەرەکی بوون لەسەر بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان، هەرچەندە ئەمساڵ لە خەڵاتی زە بێست، کە دووەم ساڵە فیفا دەیدات، نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی لەگەڵ ڕۆناڵدۆ و مێسی پاڵێوراو بوو.

هەرچەندە هەندێک پێیانوایە کە هەمیشە فیفا لایەنگریی بۆ ئەو دوو ئەستێرەیە دەکات بۆ ئەوەی خەڵاتەکان تەنیا موڵکی ئەو دووانە بن، بەڵام ئەو ژمارەو ئامارانەی ئەم دووانە لە ساڵی 2017دا تۆماریانکردووە، جارێکی دیکە شایەتی ئەوەیان بۆ دەدەن کە شایەنی ئەوە بوون ئەمساڵیش هەر خۆیان ڕکابەر بن و ڕۆناڵدۆش خەڵاتەکەی بردەوە.

## مێسی

- گەیشتە گۆڵی ژمارە 500 لە کاروانی لەگەڵ بارسێلۆنا
- خەڵاتی گۆڵکاری لیگا و لاپچینی زێڕی ئەوروپی بەدەستهێنا
- گۆڵێکی تۆمارکرد و یەکێکشی دروستکرد، کە ڕۆڵی لە بەدەستهێنانی جامی شای ئیسپانیا لەگەڵ بارسێلۆنا، بۆ جاری سێیەم بەسەریەکەوە هەبوو.
- هاتریکی تۆمارکرد لە دوایین گەڕی پاڵاوتنەکان، بەمەش ئەرجەنتینی گەیاندە کۆتاییەکانی مۆندیالی 2018.
- بووە گۆڵکاریی مێژوویی پاڵاوتنەکانی ئەمریکای باشوور بۆ گەیشتن بە مۆندیال، بە تۆمارکردنی 21 گۆڵ.



## ڕۆناڵدۆ

- گەیشتە گۆڵی ژمارە 100 لە چامپیۆنزلیگ، ئێستا خاوەنی 111 گۆڵە لە مێژووی ئەو پاڵەوانیەتییەدا
- بەپێش جیمی گریڤیز وەک باشترین گۆڵکار لە مێژوویی 5 خولە گەورەکەی ئەوروپا کەوت
- یارمەتی ریال مەدریدی دا نازناوی لیگا بەدەست بێنێ بۆ یەکەمجار دوای ساڵی 2012
- گەیشتە گۆڵی ژمارە 600
- گەیشتە گۆڵی ژمارە 400 لە کاروانی لەگەڵ ریال مەدریددا
- بووە یەکەم یاریزان لە 3 یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ گۆڵ تۆمار بکات
- یارمەتی ریال مەدریدی دا ببێتە یەکەم یانە 2 جار بەسەریەکەوە نازناوی چامپیۆنزلیگ بەدەستبێنێت
- خەڵاتی باشترین یاریزانی لە ئەوروپا بەدەستهێنا بۆ جاری سێیەم لە مێژووی خۆیدا
- بێجگە لە نازناوی لیگا و چامپیۆنزلیگ، ڕۆناڵدۆ ڕۆڵی لە بەدەستهێنانی نازناوی سوپەری ئەوروپی و ئیسپانی بۆ ریال مەدرید هەبوو
- بۆ جاری پێنجەم بەسەریەکەوە بووە گۆڵکاری چامپیۆنزلیگ
- 15 گۆڵی لە پاڵاوتنەکانی ئەوروپا، بۆ گەیشتن بە مۆندیال تۆمارکرد، بووە دووەم گۆڵکار لە دوای یاریزانی پۆڵەندی ڕۆبەرت لیڤاندۆفسکی (16 گۆڵ).



## مێسی

- 50 گۆڵ لە 52 یاری لە هەموو پاڵەوانیەتییەکان لەگەڵ یانە و هەڵبژاردە. واتە بە ڕێژەی 0.96 گۆڵ لە هەر یارییەکدا.
- 46 گۆڵ لە 45 یاری لەگەڵ بارسێلۆنا
- 4 گۆڵ لە 6 یاری لەگەڵ ئەرجەنتین
- 13 پاسی یەکلاییکەرەوە، کە هەمووی لەگەڵ بارسێلۆنایە.



## ڕۆناڵدۆ

- 44 گۆڵ لە 48 یاری لە هەموو پاڵەوانیەتییەکان لەگەڵ یانە و هەڵبژاردە. واتە بە ڕێژەی 0.91 گۆڵ لە هەر یارییەکدا.
- 33 گۆڵ لە 37 یاری لەگەڵ ریال مەدرید
- 11 گۆڵ لە 11 یاری لەگەڵ پورتوگال
- 11 پاسی یەکلاییکەرەوە (7 لەگەڵ ریال مەدرید و 4 لەگەڵ پورتوگال).



"مێسی لە 52 یارییدا 50 گۆڵ و ڕۆناڵدۆش لە 48 یارییدا 44 گۆڵی کردووە"

## نایشارێتەوە



ئەنخێل دی ماریای ئەستێرەی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، پەیوەندی لەگەڵ هاوتیپەکانی پێشووی لە ریال مەدرید ماوەو هیچ شتێکیان لێناشارێتەوە، بەتایبەتیش ڕۆناڵدۆ، ڕامۆس و مۆدریچ. چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانی باس لەوە دەکەن، دی ماریا هۆکاری شکستهێنانی دەستەوارەی گواستنەوەی بۆ بارسێلۆنا لە هاوینی ڕابردوو، بۆ ڕۆناڵدۆ ئاشکرا کردووەو پێیگوتووە «هۆکارەکە تەنیا ئەوەبووە کە بارسێلۆنا هیچ پارەیەکی نەبوو، چونکە پارەی فرۆشتنی نەیماری لە کڕینی دێمبێلێ و پاولینیۆ خەرجکردبوو».

### یانەی بارسێلۆنا بەردەوام لە هەموو یاریزانێک گرنگترە..

# بارسێلۆنا بێ نەیماری پێوە دیار نییە





## «ڤالڤێردی هێشتا بەدوای پێکهاتەیەکی نموونەییدا دەگەڕێت»

ئا: ڕەمزی میرەکانی

ڕۆژنامەی فووت میرکاتۆی فەرەنسی، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا باس لەوە دەکات، 2 مانگ بەسەر ڕۆیشتنی جادووگەری بەرازیلی نەیمار لە ریزەکانی بارسێلۆنا تێپەڕیووە. ڕۆیشتنی نەیمار مقۆمقۆیەکی فراوانی لە کەتەلۆنیا و هەموو جیهان نایەوە. پرسیارکە بۆی هەیە بپرسێ، کارگێڕی کامپ نو چۆن بەڕووی ڕۆیشتنی ئەستێرە بەرزیلییەکەی وەستاوەتەوە؟.

ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت «ڕێکەوتی 2017/8/3 بۆ یانەی پاریس سانجێرمان و کارگێڕییە قەتەرییەکەی ڕۆژێکی گەش بوو، دوای هاتنی نەیمار بۆ باخچەی شازادەکان. لە هەمبەردا بۆ شەیدایانی بارسا ڕۆژێکی ڕەش بوو، کە کۆڵەگەیەکی سەرەکی خۆی لەدەستدا».

لەلایەن خۆیەوە کارگێڕی یانەی بارسێلۆنا، بە خێرایی دەستی بەکارکردن لەسەر پێچانەوەی لاپەڕەی نەیمار کرد، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕەخنانەی گەیشتە ڕاددەی بەرزکردنەوەی دروشمێک، کە داوای ڕۆیشتنی سەرۆکی یانەکە، جۆسیپ ماریا باتۆمیۆی دەکرد. ڕۆژنامەکە لە زاری ڕۆژنامەنووسی ئیسپانی ئیڤان ڤارگاس، لە ماڵپەڕی سپۆری کەتالۆنی گواستوویەتییەوە «یانەی بارسێلۆنا بەردەوام لە هەموو یاریزانێک گرنگترە»، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ پرسیارەکەی سەرەوە. ئەو ڕۆژنامەنووسە دەڵێت «بارسێلۆنا بە خێرایی دەستی بە کارکردن لەسەر پێچانەوەی لاپەڕەی نەیمار کرد، لە بارسێلۆنا هەوڵ دەدەین بە خێرایی ساتی ماڵئاواییکردن لە نەیمار لەبیر بکەین و بۆ پێشەوە هەنگاو بنێین».

ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات، یانەی بارسێلۆنا لەو 13 یارییەی تاوەکو ئێستا ئەنجامی داوە لە هەموو پاڵەوانیەتییەکانی ئەم وەرزە، 10 بردنەوەی تۆمارکردووە، لەگەڵ یەک یەکسانبوون و 2 دۆڕان، کە بەرامبەر قاندڕی هەمیشەیی ریال مەدرید بوو، لە یاری چوون و هاتنی جامی سوپەری ئیسپانیا.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەش کردووە، هاوتیپەکانی سامویل ئۆمتیتی دوای 9 گەڕ بە کۆکردنەوەی 25 خاڵ سەرووی ریزبەندی خولی ئیسپانیان گرتووە، واتە بە جیاوازی 5 خاڵ لە ریال مەدرید، کە بە کۆکردنەوەی 20 خاڵ لە پلەی سێیەم دێ. کەچی لە وەرزی ڕابردوودا دوای تێپەڕبوونی 9 گەڕی لیگا، بارسێلۆنا لە پلەی چوارەم بوو.

ڕۆژنامەکە ڕوونیشی کردووەتەوە، بلاوگرانا تاوەکو ئێستا خاوەنی باشترین هێڵی هێرشبردنە لە ئیسپانیا، هێرشبەرانی تیپەکە تاوەکو ئێستا 27 گۆڵیان لە 9 یاری تۆمارکردووە، بە جیاوازی تەنیا دوو گۆڵ لە وەرزی ڕابردوو لە هەمان گەڕدا، 26 گۆڵ، کە نەیمار ئەوکات تەنیا 4 گۆڵی تۆمار کردبوو.

ئیڤان ڤارگاس، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دابڕانی نەیمار کاریگەری زۆری بەسەر بارسێلۆناوە نەبووەو گوتی «وابزانم هێشتا زووە باس لە لێکەوتەکانی ڕۆیشتنی نەیمار بکەین، تەنیا 9 گەڕ لە خولی ئیسپانیا ڕۆیشتووە». بەشێوەیەکی گشتی، پێناچێ ڕۆیشتنی نەیمار کاری زۆری لە بارسا کردبێ، چونکە یاریزانەکانی زۆرترین گۆڵیان تۆمار کردووە».

ڕۆژنامەکە دەشڵێت «بارسێلۆنا هێشتا خاوەنی خزمەتەکانی هێرشبەرە ئەرجەنتینییەکەی لیۆنێل مێسییە، کە بە ڕۆڵی باوی خۆی هەڵدەستێ، لێو تاوەکو ئێستا 11 گۆڵی لە لیگا و 14 گۆڵی لە هەموو پاڵەوانیەتییەکان تۆمارکردووە لەو وەرزەدا.

ڕۆژنامەکە لەسەر زاری ڕۆژنامەنووسی ئیسپانی میکی سۆریا دەڵێت «تاوەکو ئێستا سەرکەوتنی تیپەکە بۆ مێسی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی سەرەتای سوارێز لەو وەرزە باش نییە، بەرامبەر گۆڵ کارا نییە»، زێدەباری ئەوەی یانەی بارسێلۆنا هێشتا زۆر پشت بە شوێنگرەوەکەی نەیمار، عوسمان دێمبێلێ دەبەستێ، کە تەنیا 3 یاری لەگەڵ تیپەکەی ئێرنستۆ ڤالڤێردی ئەنجام دا، بەر لەوەی لە ماسوولکەی 2 سەرەی ڕانی تووشی پێکان بێ، کە وا دەکات بۆ ماوەی 2 تاوەکو 4 مانگ لە یاریکردن دابڕێ.

لە کۆتاییدا ڕۆژنامەکە دەڵێت «هەرچەندە بارسا لە سەرەتای وەرزەوە ئەنجامی باشی تۆمارکردووە، کەچی ڤالڤێردی هێشتا بەدوای پێکهاتەیەکی نموونەییدا دەگەڕێ، پەنای بۆ چەندین شێواز و پلانی یاریکردن بردووە، هاوشێوەی 4 ـ 3 ـ 3 بە یاریکردن بە ئینییێستا لە باڵی چەپ، یان بەشداری پێکردنی مێسی وەک سەرەڕم و وسوارێز لەلای چەپ، هەروەها پشتی بە پلانی 4 ـ 4 ـ 2 بەستووە».

### هێرشبەری پێویستی دۆزییەوە..

## ریال مەدرید چاوی بڕیوەتە ئیکاردی

ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیتاڵیا باس لەوە دەکەن، یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، هێرشبەرێکی گەورەی دەستنیشان کردووە، تاوەکو لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی داهاتوودا گرێبەستی لەگەڵدا بکات و دەڵێن «دواجار ریال مەدرید هێرشبەری پێویستی دۆزییەوە».

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی، بەپشتبەستن بە هەواڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیتاڵیا، ڕایگەیاند یانەی شاهانە بەنیازە دانوستان لەپێناوی گرێبەستکردن لەگەڵ یاریزانی نێودەوڵەتی ئەرجەنتینی ماورۆ ئیکاردی، هێرشبەری ئەنتەرمیلانی ئیتاڵیدا بکات و لەو بارەوە نووسیویەتی «ئەو هێرشبەرە 24 ساڵییە، سەرنجی یانەی شاهانەی ڕاکێشاوە، کە لەوانەیە ئامادەبێت بڕی 110 ملیۆن یۆرۆ، لەپێناوی هێنانی ئیکاردی بۆ سانتیاگۆ برنابیۆ لە وەرزی داهاتوو بدات».

ئەو ڕۆژنامەیە هەروەها نووسیویەتی «ریال مەدرید ئیدی هێرشبەری پێویستی لە ئیتالیا دۆزییەوە».

ئیکاردی ئاستێکی بەرز لەگەڵ نیراتزۆری لە کالچیۆ پێشکەش دەکات، تاوەکو ئێستا 9 گۆڵی لە 9 یاری لەگەڵ یانەی مارەکان لە سێریا ئەی تۆمارکردووە.



### لەبەرئەوە هەرگیز نایەوێ ئەو کارە بکات..

# هاینکس متمانەی بە شرۆڤەکارانی وەرزشی نییە



ڕووداوی وەرزشی ـ DW

یۆب هاینکس، ڕاهێنەری تازە گەڕاوەی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی، پەستی خۆی لە بۆچوونی شرۆڤەکارانی وەرزشیی لەسەر ئەکرانی تەلەڤزیۆنەکان نیشانداو دووپاتیکردەوە کە هەرگیز متمانەی بە قسەو شرۆڤەکانیان نییە.

هاینکس ناڕەزاییەکی ڕوونی لە بۆچوونی شرۆڤەکاران دەربڕی، ڕوونیشی کردەوە، وەزیفەی شرۆڤەکاری تەلەڤزیۆنی ڕەتکردووەتەوە، تاوەکو ئەو قسە نا قنیاتانە دووبارە نەکاتەوە، کە دەیڵێن. هاینکس وەڵامی شرۆڤەکاری تۆپی پێ و یاریزانی پێشوو ڕاینەر کالمۆندی، لەبارەی هێڵی هێرشبردنی تیپەکەی دایەوە و گوتی «ڕازی نەبووم ببمە شرۆڤەکاری تەلەڤزیۆنی، تاوەکو ئەو جۆرە قسانە لەبارەی یاریزانەکانەوە نەکەم. بەهەر حاڵ، هەموو کەسێک ئازادە چی دەڵێ».

هاینکس لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بێکار بوو، لە هاوینی 2013 لە یانەی بایرن میونشن ڕۆی، دوای ئەوەی پێشەوایەتی تیپەکەی کرد، بۆ یەکەمجار 3 نازناوی مێژوویی لە مێژووی یانەکە بەدەستبێنێ، وا پێدەچێ لەو کاتەوە چەندین دەرفەتی کارکردنی لە تەلەڤزیۆنەکان ڕەت کردبێتەوە.


KOREK Telecom

# تەنها بۆ تۆ
## ئۆفەری نایابی کۆرەك




مەهێڵە هیچ نامەیەکی (کۆرەك)ت لەدەستبچێ...
بەردەوام نامەی وەرگیراوت بخوێنەوە بۆ ئەوەی
سوودمەندبیت لە ئۆفەری ناوازە.

korektel.com

411

KOREK Telecom



# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 10)

| | |
|---|---|
| **شەممە 28/10/2017** | |
| ئالاڤێس ـ ڤالێنسیا | 02:00 |
| سێڤیلیا ـ لێگانێس | 05:15 |
| ئاتلێتیکۆ مەدرید ـ ڤیاریال | 07:30 |
| ئاتلێتیک بلباو ـ بارسیلۆنا | 09:45 |
| **یەکشەممە 29/10/2017** | |
| خیتافی ـ ریال سۆسیداد | 01:00 |
| خیرۆنا ـ ریال مەدرید | 06:15 |
| ئیبار ـ لێڤانتی | 08:30 |
| مالاگا ـ سێلتاڤیگۆ | 10:45 |
| **دووشەممە 30/10/2017** | |
| ئیسپانیۆل ـ ریال بێتیس | 11:00 |
| لاس پالماس ـ دیپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنیا | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بارسیلۆنا | 25 |
| 2 ـ ڤالێنسیا | 21 |
| 3 ـ ریال مەدرید | 20 |
| 4 ـ ئاتلێتیکۆ مەدرید | 19 |
| 5 ـ لێگانێس | 17 |
| 6 ـ ڤیاریال | 16 |
| 7 ـ ریال بێتیس | 16 |
| 8 ـ سێڤیلیا | 16 |
| 9 ـ ریال سۆسیداد | 13 |
| 10 ـ سێلتاڤیگۆ | 11 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ مێسی | بارسیلۆنا | 11 |
| 2 ـ زازا | ڤلێنسیا | 8 |
| 3 ـ باکامبۆ | ڤیاریال | 8 |
| 4 ـ سانابریا | ریال بێتیس | 6 |
| 5 ـ گۆمێز | سێلتاڤیگۆ | 5 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ریال سۆسیداد ـ ئیسپانیۆل) دانراوە.

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 10)

| | |
|---|---|
| **شەممە 28/10/2017** | |
| مانچێستەر یونایتد ـ تۆتێنهام | 02:30 |
| ئارسیناڵ ـ سوانزی سیتی | 05:00 |
| کریستاڵ پالاس ـ وێستهام | 05:00 |
| لیڤەرپوول ـ هەدێرسفیڵد | 05:00 |
| واتفۆرد ـ ستۆک سیتی | 05:00 |
| وێست برۆمیچ ـ مانچێستەر سیتی | 05:00 |
| بۆرنیمۆس ـ چێڵسی | 07:30 |
| **یەکشەممە 29/10/2017** | |
| برایتۆن ـ ساوسامپتۆن | 04:30 |
| لیستەر سیتی ـ ئێڤێرتۆن | 07:00 |
| **دووشەممە 30/10/2017** | |
| بێرنلی ـ نیوکاسڵ | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ مانچێستەر سیتی | 25 |
| 2 ـ مانچێستەر یونایتد | 20 |
| 3 ـ تۆتێنهام | 20 |
| 4 ـ چێلسی | 16 |
| 5 ـ ئارسیناڵ | 16 |
| 6 ـ واتفۆرد | 15 |
| 7 ـ نیوکاسڵ | 14 |
| 8 ـ بێرنلی | 13 |
| 9 ـ لیڤەرپوول | 13 |
| 10 ـ ساوسامپتۆن | 12 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کەین | تۆتێنهام | 8 |
| 2 ـ ئەگوێرۆ | مانچێستەریونایتد | 7 |
| 3 ـ لۆکاکۆ | مانچێستەرسیتی | 7 |
| 4 ـ مۆراتا | چێڵسی | 6 |
| 5 ـ ستێرلینگ | مانچێستەرسیتی | 6 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 10)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 24/10/2017** | |
| ئینتەرمیلان ـ سامپدۆریا | 09:45 |
| **چوارشەممە 25/10/2017** | |
| ئاتالانتا ـ ڤیرۆنا | 07:30 |
| بۆلۆنیا ـ لازیۆ | 09:45 |
| کالیاری ـ بێنڤێنتۆ | 09:45 |
| کیێڤۆ ـ میلان | 09:45 |
| فیۆرێنتینا ـ تۆرینۆ | 09:45 |
| جێنەوا ـ ناپۆلی | 09:45 |
| یوڤێنتوس ـ سپال | 09:45 |
| رۆما ـ کرۆتۆنی | 09:45 |
| ساسۆلۆ ـ ئۆدینێزی | 09:45 |
| **شەممە 28/10/2017 (هەفتەی 11)** | |
| میلان ـ یوڤێنتوس | 07:00 |
| رۆما ـ بۆلۆنیا | 09:45 |
| **یەکشەممە 29/10/2017** | |
| بێنڤێنتۆ ـ لازیۆ | 02:30 |
| کرۆتۆنی ـ فیۆرێنتینا | 05:00 |
| ناپۆلی ـ ساسۆلۆ | 05:00 |
| سامپدۆریا ـ کیێڤۆ | 05:00 |
| سپال ـ جێنەوا | 05:00 |
| ئۆدینێزی ـ ئاتالانتا | 05:00 |
| تۆرینۆ ـ کالیاری | 05:00 |
| **دووشەممە 30/10/2017** | |
| ڤێرۆنا ـ ئینتەرمیلان | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ناپۆلی | 25 |
| 2 ـ ئینتەرمیلان | 23 |
| 3 ـ یوڤێنتوس | 22 |
| 4 ـ لازیۆ | 22 |
| 5 ـ رۆما | 18 |
| 6 ـ سامپادۆریا | 17 |
| 7 ـ کیێڤۆ | 15 |
| 8 ـ بۆلۆنیا | 14 |
| 9 ـ فیۆرێنتینا | 13 |
| 10 ـ تۆرینۆ | 13 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئیمۆبیلی | لازیۆ | 11 |
| 2 ـ دیبالا | یوڤێنتوس | 10 |
| 3 ـ ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 9 |
| 4 ـ مێرتینز | ناپۆلی | 7 |
| 5 ـ دزیکۆ | رۆما | 7 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 11)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/10/27** | |
| پاریس سانجێرمان ـ نیس | 09:45 |
| **شەممە 2017/10/28** | |
| بۆردۆ ـ مۆناکۆ | 06:00 |
| گوینگامپ ـ ئامیان | 09:00 |
| مۆنپیلیێ ـ رێن | 09:00 |
| ستراسبۆرگ ـ ئانژی | 09:00 |
| دیژۆن ـ نانت | 09:00 |
| کان ـ تروا | 09:00 |
| **یەکشەممە 2017/10/29** | |
| لیۆن ـ میتز | 05:00 |
| تولوز ـ سانت ئیتیان | 07:00 |
| لیل ـ مارسیلیا | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ پاریس سانجێرمان | 26 |
| 2 ـ مۆناکۆ | 22 |
| 3 ـ نانت | 20 |
| 4 ـ لیۆن | 19 |
| 5 ـ مارسیلیا | 18 |
| 6 ـ سانت ئیتیان | 17 |
| 7 ـ بۆردۆ | 16 |
| 8 ـ مۆنپیلیێ | 15 |
| 9 ـ کان | 15 |
| 10 ـ تولوز | 14 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ فالکاو | مۆناکۆ | 13 |
| 2 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 9 |
| 3 ـ دیاز | لیۆن | 8 |
| 4 ـ نەیمار | پاریس سانجێرمان | 7 |
| 5 ـ فەقیر | لیۆن | 7 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 10)

| | |
|---|---|
| **هەینی 27/10/2017** | |
| ماینز ـ فرانکفۆرت | 09:30 |
| **شەممە 28/10/2017** | |
| بایرلیڤەرکۆزن ـ کۆڵن | 04:30 |
| هانۆڤەر ـ بۆرووسیا دۆرتموند | 04:30 |
| هێرتا بەرلین ـ هامبۆرگ | 04:30 |
| هۆفێنهایم ـ میونشنگلادباخ | 04:30 |
| شاڵکێ ـ ڤۆلفسبۆرگ | 04:30 |
| بایرن میونشن ـ لایپزیگ | 07:30 |
| **یەکشەممە 29/9/2017** | |
| ڤێردێربریمن ـ ئۆگسبۆرگ | 05:30 |
| شتوتگارت ـ فرایبۆرگ | 08:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بۆرووسیا دۆرتموند | 20 |
| 2 ـ بایرن میونشن | 20 |
| 3 ـ لایپزیگ | 19 |
| 4 ـ هۆفێنهایم | 16 |
| 5 ـ شاڵکێ | 16 |
| 6 ـ هانۆڤەر | 15 |
| 7 ـ فرانکفۆرت | 14 |
| 8 ـ میونشنگلادباخ | 14 |
| 9 ـ بایرلیڤەرکۆزن | 12 |
| 10 ـ ئۆگسبۆرگ | 12 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئۆبامیانگ | بۆرووسیا دۆرتموند | 10 |
| 2 ـ لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 9 |
| 3 ـ وێرنەر | لایپزیگ | 5 |
| 4 ـ هارنیک | هانۆڤەر | 5 |
| 5 ـ ئەلیکساندەر | هۆفێنهایم | 5 |

ئینتەرمیلان - سامپدۆریا
09:45 خولی ئیتالیا
سێشەممە 24/10/2017

چێڵسی - ئێڤێرتۆن
09:45 رابیتەی ئینگلتەرا
چوارشەممە 25/10/2017

پاریس سانجێرمان - نیس
09:45 خولی فەرەنسا
هەینی 27/10/2017

مانچێستەر یونایتد - تۆتێنهام
02:30 خولی ئینگلتەرا
شەممە 28/10/2017

میلان - یوڤێنتوس
07:00 خولی ئیتالیا
شەممە 28/10/2017

ئاتلێتیکۆ مەدرید - ڤیاریال
07:30 خولی ئیسپانیا
شەممە 28/10/2017

بایرن میونشن - لایپزیگ
07:30 خولی ئەڵمانیا
شەممە 28/10/2017

ئاتلێتیک بلباو - بارسیلۆنا
09:45 خولی ئیسپانیا
شەممە 28/10/2017

## گاڵتەیان پێکرد



هاندەرانی یانەی ئارسینالی ئینگلیزی، لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر گاڵتەیان بە یاریزانی یانەکەیان تیۆ والکۆت کرد، دوای ئەوەی وێنەیەکی خۆی لەگەڵ ئۆلیڤێ جیرۆی هاوڕێی بڵاوکردەوەو نووسیبووی «پێتانوایە جیرۆ ریشێکی جوانتر لە ریشی منی هەیە؟!». هاندەرانی ئارسیناڵ لە کۆمێنتەکانیاندا بە چەندین شێوە گاڵتەیان پێکردو هەندێک بوویانی نووسیبوو «تۆ لە هیچ شتێک ناتوانی لەپێش جیرۆ بی».

ڕێبوار محەممەد



## ئەوانەی چاوەڕێی هەواڵە دڵتەزێنەکە دەکەن

هێشتا سەرەتایە، بەڵام ڕکابەریی نێو خولەکان گەرم، گەورە و بەهێز بوون، ئیدی ئەو قۆناخەی خولەکانە کە دەریدەخات هەر یانەیەک لە وەرزی ئەمساڵدا چی لەبارادایە و ئەو پلانەی دایناوە بۆ وەرزەکە بە کوێ دەگات و چی لێدێت؟.

خولەکانی ئەورووپا تا دێ ڕکابەری و ململانێکانیان بەرەو سەرتر دەچێت و ئەوەش وایکردووە هەندێک ڕاهێنەر بە دەستکەوت و ئەنجامەکانیان دڵخۆش بن و هەندێکی دیکەش نەک هەر دڵتوندی ئەنجامەکان بن، بەڵکو بکەونە بەردەم هەڕەشەی دوورخستنەوە یان ئەوەی کە هەواڵە دڵتەزێنەکەیان پێ بگات، بێگومان هەواڵە دڵتەزێنەکەش بریتییە لە بڕیاری دەستبەرداربوونی یانەیەک لە ڕاهێنەرەکەی.

لە هەموو خولەکاندا ئێستا ئەو ڕاهێنەرانەمان بەرچاو دەکەوێت کە لەسەر پەتی سێدارە، یان لەبەردەم ڕەحمی چەقۆدان و ئیدی دوا ساتەکانیان لە یانەکانیاندا بەڕێدەکەن، ئەوەی بۆ ئەوان ماوەتەوە تەنیا پەرجوو یان ڕووداوێکە لە دەرەوەی پێشبینییەکان.

لە ئینگلتەرا تەنیا ڕۆناڵد کومان دۆخی لە یۆرگن کلۆپ باشتر بوو. ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرا هێشتا باسی ئەگەری دوورخستنەوەی کلۆپ ناکەن، بەڵام هەواڵی بەڕێکردنی کومان لە یانەی ئێڤێرتۆن ڕاگەیێنرا، ئاخر ئەو لە 9 یاریدا تەنیا 8 خاڵی بەدەستهێنا بوو، و لە ناوچەی مەترسیداری دابەزیندایە لە کاتێکدا کلۆپ لە هەمان ژمارەی یاریدا تەنیا 13 خاڵی بەدەستهێناوە لە کۆی 27 خاڵ کە دەیتوانی بەدەستی بهێنێت. کلۆپ کە لەسەرەتای وەرزدا پاش هێنانی محەمەد سەلاح و هێشتنەوەی کۆتینیۆ باس لە ئەنجامی باش و تەنانەت خەونی نازناوی پریمەرلیگیش دەکرا، ئێستا تەنیا بیر لە دوو شت دەکاتەوە، یان چاککردنی دۆخی تیپەکەی یان ڕۆیشتنە دەرەوە لە دەرگا بچووکەکەی یانەکەوە. لە ئیتاڵیا قوربانیی یەکەم بۆئەوەی یانەکەی دەست بەروییەوە بنێت، ڤیچێنزۆ مۆنتێلای ڕاهێنەری میلانە. هاوڕێکانم گەواهیدەرن کە لە بەرنامەی یاریگەی ڕووداو، بەر لە دەستپێکردنی وەرز و لە کاتێکدا هەواڵی گرێبەستکردنی میلان لەگەڵ یاریزانەکاندا دونیای تەنیبوو، من گومانی خۆم لە توانای ئەو ڕاهێنەرە دەربڕی بەرامبەر سەرکەوتن بەسەر ڕووداوەکانی ناو تیپەکەیدا.

مۆنتێلا گەرچی پێشتر وەک هێرشبەرێکی کارامە و ڕاهێنەرێکی باش دەرکەوتبوو، ئێستا لەبەردەم کێشەی ئەنجامە خراپەکانی میلاندا هیچی پێناکرێت، یاری دوای یاریش ئەوە زیاتر ڕوونەبێتەوە کە مۆنتێلا ئەرکێکی لەسەرشانە، دەرەقەتی نایەت، نە گۆڕینی بەردەوامی یاریزانەکانی، نە شێوازی یاریکردن و تەکتیکەکانی نەیانتوانیوە ئاوێک بە ئاگری ناو دەروونی کارگێڕیی یانەکەدا بکەن. مۆنتێلا لەوانەیە لە هەموو ڕاهێنەرانی دیکەی هاوچارەنووسی خۆی زیاتر لە ژێر فشاردا بێت، ئەوەش بێگومان بە پلەی یەکەم بۆ ئەو هەموو گرێبەستە دەگەڕێتەوە کە یانەکە لە هاوینی ئەمساڵدا ئەنجامیدا، لەوەش گرنگتر، بنمیچی ئەو ویستانەیە کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە لە یانەکەدا دروستبوون بۆ دەستکەوت و ئەنجامی باش لە خولی ئیتاڵیدا.

لە ئیسپانیا نزیکترین ڕاهێنەر بۆ ئەوەی هەواڵە دڵتەزێنەکەی پێ بگات، بێگومان پیریزۆی ڕاهێنەری سیڤییایە، ئەو یانەیەی کێشەکەی ئەوەیە کە جیا لە بەدەستهێنانی 16 خاڵ لە 9 یاریدا، لە هەمان ژمارەی یاریدا تەنیا 9 گۆڵی تۆمارکردووە، بەڕێژەی تەنیا یەک گۆڵ لە یەک یاریدا.

پیریزۆ ئەمساڵ گیرۆدەی کۆمەڵێک کێشەی گەورەیە لە یانەکەدا، ئەو یانەیەی وەرزەکانی ڕابردوو شکستی بە ڕیاڵ و بارسا دەهێنا و نازناوی خولی ئەورووپی دەبردەوە، ئێستا پەلەقاژەی ئەوەیەتی بۆ وەرزی داهاتوو بگاتەوە ئەو خولە.

سەیرەکە لەوەدایە تیپەکەی پیریزۆ یەک پێکهاتەی تەواو و دوو یاریزانی یەدەگیش بەس یاریزانی ناوەڕاستی هەیە، کەچی گەورەترین کێشەی ئەوەیە لە هیچ یارییەکدا ناوەڕاستی پێ کۆنترۆڵ ناکرێت و بەوەش بە ئاسانی دووچاری نەزیفی خاڵ بووە.

هەواڵە دڵتەزێنەکە بۆ ئەو ڕاهێنەرانە، زوو بێت یان درەنگ هەر دەگات، ئەوەی بۆی هەیە کەمێک لە گەیشتنەکەی دوابخات، تەنیا باشبوونی ئەنجامەکان و ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ بردنەوەکاندا.

## ماڵە خەزوورانی ئارشاڤین ژنەکەی پێ تەڵاق دەدەن



**ڕووداوی وەرزشی ـ RT**

ئەلیسا ئارشاڤین داوای جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی، ئەندرێ ئارشاڤین، یاریزانی پێشووی ئارسیناڵ و هەڵبژاردەی ڕووسیا کردووە، دوای یەک ساڵ هاوسەرگیریی.

وەک ئەلیسا ئاشکرایکردووە، بەر فشاری زۆر کەوتووە بۆ ئەوەی لێی جیا بێتەوە، بەتایبەتی لەلایەن ماڵباتەکەی و کەس و کار و دۆستە نزیکەکانی لە کارەکەی، بە هەنجەتی ئەوەی ناپاکی لێکردووە، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ئەوەش نییە، بەڵام هەندێ هەواڵ هەیە، کە دووپاتی دەکاتەوە ئەو هەواڵە فەرمییە و هیچ گومانی تێدا نییە، بەڵام ئەلیسا پێناچێ باشترین ڕۆژگار لەگەڵ ئەو ئەستێرە ڕووسییە بەرچاوە بەسەر ببات، کە لە کاتی قسەکردنی لەگەڵ کەسە نزیکەکانی ئەوەی دووپاتکردووەتەوە. هەندێک لە نزیکەکانی ئەم خێزانە دەڵێن "پەیوەندی نێوانیان چەندین شتی نەرێنی بەخۆوە بینیوە، ناپاکیش یەکێ لەو شتانەیە، کە وایکردووە داوای جیابوونەوە بکات، بەڵام ئەوە تاکە هۆکار نییە".

## ئەستێرەیەک ساردەمەنی دەفرۆشێت



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

یاریزانە پیشەگەرەکانی تۆپی پێ، لە ژیانی وەرزشییاندا پارەیەکی ئەوەندە زۆر کۆدەکەنەوە، ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان بۆ دوای وازهێنان لە تۆپی پێش دابین و مسۆگەر دەکەن، بەڵام هەندێکیان بەپێچەوانەوە بە هەر هۆکارێک بێت مایەپووچ دەبن و لەدوای وازهێنان لە یاریکردن ناچارن کارێکی دیکە بکەن بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان.

بۆب کالکۆن، ئەستێرەی تۆپی پێی سکۆتلاند نموونەیەکی ئەو یاریزانانەیە، کە ئێستا بە ناچاری بەنێو کۆڵانەکانی شاری گلاسکۆدا ساردەمەنی دەفرۆشێت.

چەندین شەیدای یانەی گلاسکۆ رینجەرزی سکۆتلاندی، لە کارە تازەکەی ئەستێرەی پێشوویان بۆب کالکۆم تووشی سەرسوڕمان بوون، کە پێشتر یەکێ لە باشترین بەرگریکارەکانی یانەکە بوو، بەڵام ئێستا بە ئۆتۆمبێلە تایبەکەی ساردەمەنی دەفرۆشێ، کە بەلای زۆریانەوە مایەی سەرسوڕمان بوو، بەڵام بۆب بە کارەکەی زۆر دڵخۆشە و پێیوایە زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوی منداڵەکان، هەتا گەورەکانیش، ئەوان ساردەمەنی لەو دەکڕن، ئەو شتانە هەمووی وایان لێیکردووە، شانازی بەو کارەوە بکات، کە زۆر لە سەوداسەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێزیان لێی گرت.

## پێشبڕكێ



به کورتترین و جوانترین کۆمێنت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555

براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو ڕەقیب عومەر لە هەولێر

بە کۆمێنتی: (ئێستا من هاتووم، تۆ لە کوێ بووی؟)






# هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی ڕۆژانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە

لەگەڵ کورەك بەکارهێنانی ئینتەرنێت هیچ سنوورێکی نییە. هەر ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە, بە پێی ئەم ووردەکارییانەی خوارەوە:

- پاکێجی ڕۆژانە: تەنها بە 2,000 دینارە و بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە
- پاکێجی مانگانە: تەنها بە 30,000 دینارە و بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەستە

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی ڕۆژانە بە نامەیەك ژمارە 1 و بۆ پاکێجی مانگانەش ژمارە 3 بنێرە بۆ 250, یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

411

korektel.com


(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی

دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ئاکار جەلیل

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە